# پەیامی لایەنە سیاسیەکان کە بەدەست سێهەمین کۆنگرە گەیشتوون

**بەڕێز مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستان،**

**بەرێزان ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی و بەشدارانی سێهەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاریی کوردستان:**

بەبۆنەی پێکهێنانی سێهەمین کۆنگرەی حزبەکەتان حزبی دۆستی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،حزبی رزگاری کوردستان.بەگەرمی پیرۆزبایتان لێ دەکەین و خۆشحالی خۆمان لەو هەنگاوەتان دەردەبڕین.ئاواتی ئەوەدەخوازین کە کۆنگرەکەتان،بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی جیهانی و ناوچەو لەبەرچاو گرتنی دۆزی کوردبەگشتی بەرهەمی باشی لێ بکەوێتەوەوبەسەرکەوتویی کۆتایی پێبێ. لەودەرفەتەکەڵک وەردەگرین ولەسەر پەیوەندی دۆستانەی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی ڕزگاری کوردستان پێ دادەگرینەوەو هیوای بەرین ترو قوڵتر بونەوەی ئەو پەیوەندیانە دەخوازین. سڵاو ڕێزمان بۆسەرجەم بەشدارانی کۆنگرەوسەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان.

**بەڕێزەوە**

**حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**مەکتەبی سیاسی**

2009-12-8

---

**بۆ/بەڕێز مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستان**

سڵاوو ڕێز...

بەبۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی حزبتان { حزبی ڕزگاریی کوردستان } پیرۆزبای گەرمان ئاراستەی مەکتەبی سیاسی و تەواوی ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین.

لەم هەلومەرجەی ئەمرۆشدا هیوا دەخوازین بە گیانی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی لە هەوڵی پاراستنی یەکرێزی و داکۆکیکردن لەدەسکەوتەکان و خەبات ب چەسپاندنی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردستانمان ببێتە پەیام و گوزارشتی سەردەمانەی هەموو لایەکمان بۆ ئاسوودەگی و سەرفرازی و هەمیشە پێکەوە ژیانی برایانمان.

لەگەڵ ڕێزو حورمەتمان.

**نەوزاد هادی**

**پارێزگاری هەولێر**

2009-12-8

---

**بۆ/ کۆنگرەی سێهەمی حزبی ڕزگاریی کوردستان- بەڕێز**

سڵاو ڕێزمان.....

بێ گومان بەستنی کۆنگرەکەتان لەم هەلومەرجە واتای باوەڕبەخۆبوون و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانتان ئەگەیەنێ و پەیامی سووربونیشە لەسەر خەبات و تێکۆشانتان شان بەشانی پارتوو هێزە کوردستانیەکانی تر. لەپێناو پارێزگاری لە دەستکەوتەکان و بەدی هاتنی گشت مافەکانی نەتەوەکەمان.جێگای خۆیەتی بەناوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆز بایتان پێشکەش بکەین و ئومێدەوارین بەبڕیارو ڕاسپاردەی گونجاو،لەپێناوی یەک ڕیزی و خزمەت بەگەل ئەزموونەکەمان سەرکەوتووانە کۆتایی بێت. جارێکی ترپیرۆزبایتان لێئەکەین.

**بۆ پێشەوە...**

**م.ن.پەیوەندی نیشتمانی و کوردستانی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

2009-12-8

---




**بۆ بەڕێز مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**بابەت / بروسکەیی پیرۆزبایی**

بەرێزان بە شدارانی کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان ، بەناوی ڕیکخراوی چاک (کۆردۆساید) پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی حزبتان لێدەکەین و هیوادارین کۆنگرەکەتان سەرکەووتوانە کارەکانی خۆی ئەنجامدات و بە بەرنامە و پلانێکی نوێ دارێژێت بۆ درێژە دان بە خەبات و تێکۆشانی حزبە تێکۆشەرەکەتان کە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵگایەکی دیموکراسی دێدەکۆشێت.

بەرێزان رەوشی ئێستای باشووریی کوردستان و بوونی حوکمرانی کورد لەو بەشەی کوردستان دەرئەنجامی ئەو خەباتە لە مێژینەی گەلەکەمان کە لە پێناویدان دەریایەک خوێنی داوە و دووچاری جینۆسایدکردن بۆتەوە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان بە تایبەتی رژێمی لە ناوچووی سەدام، بۆیەش ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموو حزب و ریکخراوە سیاسیەکانە بەشیکی سەرەکی خەباتیان تەرخان بکەن بۆ ناساندی ئەو مەرگەسات و کۆمەڵکوژیانەی کە خۆی لە جینۆساید دەبینێتەوە بەتایبەتی کە ئەمرۆ تاوانبارانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵبجە و ناوچەکانی تر لە قەفەزیی تاوانباریدا لە بەردەم دادگادان و رۆژ بە رۆژیش ئاسۆی ناساندنی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی رەگەزی بە جینۆساید جێدەگریت و پشتیوانی لێدەکریت لە لایەن حزب و ریکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بێگومان ئەمەش بۆ بەشێکی هەوڵ و خەباتی بێوچانی ڕیکخراوی چاک (کۆردۆساید) دەگەڕێتەوە.

بەرێزان لە دوا کۆنگرەی رێکخراوەکەمان لە وڵاتی دانیمارک تەکیدمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ سەرجەم حزب و رێکخراوەکانی کوردستان بەهێز و فروان تر بکەین بۆ ناساندی تاوانەکانی داگیرکەران کوردستان بە جینۆساید و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی بەر گەلەکەمان کەوتووە ،و لە هەمان کات دا کار بکرێت بۆ یەکخستنی هەوڵەکان لە پێناو نەهێشتنی گەندەلی و دۆزینەوەی رێگا چارەیەک بۆ رزگار کردنی گەلەکەمان لەو قەیرانەدا .

دووبارە پیرۆزبایی کۆنگرەکەتان لێ ئەکەین ،بە هیوای بەهێزکردن فراواکردنی پەیوەندیەکانمان ،لە پێناو بەرأەوەندیەکانی گەلەکەماندا.

هەر سەرکەوتوو بن

**رێکخراوی چاک( کوردۆسایت )**

---

**بۆ برای بەڕێزم کاک ڕێکار ئەحمەد سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان**

**بەڕێز مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستان**

بەبۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی حزبە تێکۆشەرەکەتان (حزبی رزگاریی کوردستان) گەرمترین پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کارەکانی کۆنگرە لە بەدیهێنانی مافە رەواکانتان لە رزگاری و سەربەخۆیی بۆ دەخوازین.

بەڕێزان! بەستنی کۆنگرەکەتان لەکاتێکدایە کە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەبەردەم هەڵبژاردنێکی چارەنوسازدایەو هاوکات شۆڤێنیەکانی عەرەب دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەو هەلبژاردنەوە رۆڵی کورد لە بەغدا بچوک بکەنەوە، جیاکاری لەبەرامبەر کەرکوک لە یاساکەداو دواجار کەمکردنەوەی کورسیەکانی هەرێمی کوردستان لەم هەلبژاردنەدا ئەمە نموونەی ئەو پیلان و گەلەکۆمەکیەیە کە ئیمرۆ لە دژی گەلەکەمان ئەنجام دەدرێ، لەبەرامبەر ئەمەدا کوردیش بەسەرجەم هێزە سیاسیەکانیەوە بۆ پوچەلکردنەوەی ئەم پیلانانە پێویستی بە تەبایي و یەکڕیزی و ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی خۆی و بەهێزکردنەوەی فاکتەری زاتی خۆی هەیە.

دیارە ئەم یەکریزیەش هەر بەقسەو دروشم نابێ، بەڵکو دەبێ بەکردەوەو لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی و یەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا بێ.

بۆ سەرخستنی کۆنگرەکەشتان بەلای ئێمەوە بەهەمان شێوە تەبایي خۆتان و پاراستنی سەربەخۆیی حزبەکەتان لەسەرو هەمو شتێکەوەیەو هەروەک ئەم (2) پرانسیپە بنەمای مانەوەو بەردەوامبون و گەشەکردنی حزبەکەشتانە، دوبارە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین و ئەم بۆنەیەش بەدەرفەت دەزانین کە وەک هەمیشە لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوانمان جەخت بکەینەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**برای دڵسۆزتان**

**قادر عزیز**

**سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

2009-12-17

---

**بەڕێز/ ئەندامانی کۆنگرەی سێیەمی حزبی ڕزگاریی کوردستان**

سڵاوێکی دۆستنەی گەرم

بەختەوەرین، بەشدارین لە کۆنگرەکەتان بەبروسکەی پیرۆزبایی ، هیوادەخوزین حزبی رزگاریی دۆستمان کۆنگرەیەکی بابەتیانەو سەررکەوت و ئەنجام بدات لەپێناو بەرەو پێش چوون و هەڵوەستە کردن لەسەر یەکێتی حزب و گوتارێکی بەهێزی یەک گرتوو، چون پێمان وایە یەکێتی دیدو بۆچونی حزبی ڕزگاریی خزمەت بە حزب و گۆڕەۆپانی سیاسی دەکات، وێڕایی ئەوەی پەرۆشین بۆسەرکەوتوویی و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەییانەی حزبی ڕزگاریی.

جارێکی تر بەناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامانی(بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان)پیرۆزبای خۆمان لە ئەندامانی کۆنگرەی حزبەکەتان هەڵبەت جاوەڕێی بڕیارو ڕاسپاردەی بەجێ لەکۆنگرەکەتان دەکەینەوە و پەیوەندی توندو تۆڵی نێوانمان دووپات دەکەینەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**مەکتەبی سیاسی**

**بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان**

09/12/10

---

**بەڕێزان دەستەی ئامادەکاری سێهەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاریی کوردستان.**

سڵاوێکی گەرم

بەبۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاریی کوردستان پیرۆزبای حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان ئاراستەی ئەندامانی کۆنگرە کەتان دەکەین هیوادارین بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەتان لەخزمەت ڕەوتی بەرەو پێش بردنی حزبەکەتن و هەڵ و مەرجی ئەمڕۆی گەلی کوردستان دابێت.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی شیوعی کوردستان**

2009-12-12

---

**بۆ/بەڕێز کۆنگرەی سێهەمی حزبی ڕزگاریی کوردستان**

سڵاو ڕێز

بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێهەمی حزبەکەتان حزبی رزگاری کوردستان، خۆمان بەبەختەوەر دەزانین بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن، گەرم ترین پیرۆزبایی ئاراتەی ئێوەی بەرێزو گشت ئەندامانی کۆنگرەو لایەنگرانتاەوبکەین و ئومێدی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان دەکەین بۆ خزمەت کردنی ئامانج و ئاواتی گەلی کوردستان بەتێکڕای پێکهاتەکانیەوە.

کۆنگرەی سێهەمی حزبەکەتان لەکاتێکدا دەبەسترێت کەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەمانگی ئاداری ساڵی داهاتودائەجام دەدرێت و یەکریزی گەلی کوردستان بە تێکرای پێک حزبەکانیەوە کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی نوێنەرانی کوردستان سەنگی دیاری کراوی خۆیان هەبێت لەو ئەنجومەنەدا،بۆوەدەست هێنانی ئاواتەکانی گەلانی جێبەجێ کردنی ماددەی(140)کە یەکێکە لەکارە هەرە گرنگەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانینداهاتودا.

هەر بەم بۆ نەیەوە جارێکی دیکە پیرۆزبایی لەکۆنگرەی بەرێزتان دەکەین و هیواخوازین کە حزبی ڕزگاری کوردستان لەسەر رێبازی نەتەوەیی کراوەدا بەردەوام بێت و لەخزمەت کردنی گەلانی کوردستان بێت.

هەرشادوسەرفرازبن

**حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن**

**مەکتەبی سیاسی**

2009-12-21

---

**بەرێز/ مەکتەبی سیاسی حزی ڕزگاریی کوردستان**

**بەرێزان ئامادەبووانی کۆنگرە**

سڵاوێکی گەرم ............

شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە نەتەوەی کورد خاوەنی ووڵات و زمان و کەلتوورو مێژووی خۆیەتی بەڵام هەمیشە داگیرکردن و چەوساندنەوەو دابەشبوون و گوێ نەدان بە بەرژەوەندیەکانی کرۆکی سیاسەتی ووڵاتانی ناوچەکەیان پێک هێناوە لە سۆنگەی ئەم واقیعە تاڵەوە زنجیرەیەک شۆڕش و راپەڕین و بەرخودان لە پێناووی ئازادی و هێنانە کایەی سیستەمێکی دیموکراتی بەرپابون، بەڵام لە ئاکام دا نەیان توانیوە ئەنجامەکان وەکو پێویست بپێکن ،تەنیا ئەم ئەزموونە دیموکراسیەی هەرێمی کوردستانی خۆمان نە نەبێت کە لە ئەنجامی یەکانگیربونی هەردوو فاکتەری ناوەکی و دەرەکی هەرێمی کوردستان و جووت بونی بەرژەوەندیەکانی ئێمەو ووڵاتانی بڕیار بەدەست و زل هێز لەدایک بوو وە بوو بە دیفاکتۆ . جا لێرە دا ئەوەی گرنگەو پێویستە بۆ نەتەوەکەمان پاراستنی ئەم ئەزموونەیە کە بەر ئەنجامی خوێی شەهیدان و خەبات و شەو نخوونی چەندین ساڵەی رۆڵەکانمانە جا ئەمەش بە هاو هەڵوێستی و هاو خەبەتی هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان و یەکێتی ریزەکانی گەل و ژیری و لێهاتووی سەرکردایەتی کوردەوە بەندە کە هەمیشە بتوانن وەکو خۆی لە هاوکێشەی سیاسی نێو خۆی و ناوچەی نێودەوڵەتی بگە و شرۆڤەی بکەن و بەرژەوەندیەکانمان لەگەڵ بەرژەوەندی ووڵاتانی زل هێزی جیهان لەناوچەکەدا هاو تەریب بکەن وە پێویستە ئەوە بزانن هیچ نەتەوەیەک یان دەوڵەتێک لەجیهاندا ناتوانێت هەتاسەرمانەوی خۆی مسۆگەر بکات بەبێ ڕەچاو نەکردن وگوێ نەدانە بەرژەوەندیە نێو دەولەتیەکان و تەوژمی سیاسەتی نێودەوڵەتی،هوربۆیەئەم قۆناغەی ئێستا کە ئێمە تێیدا گوزەر دەکەین قۆناغی ململانەی بەرژەوەندیەکانە پێویستەبەشێوەیەکی ژیرانە لەنێو دەریای ئەم هاوکێشە ئاڵۆزانەدا بتوانین مانەوەی خان مسۆگەر بکەین و پەرەبەگەشەکردنمان بدەین جابۆئەم مەبەستەش هەمیشە دەبێت هەوڵ بدەین لۆجیک بەسەر هەست و سۆزدا زاڵ بکەین ونەکەوینە ژێر چەتری سۆز ، بەلکو سیاسەتی لۆژیکانە پیادە بکەین و لەگەل ڕەوتی گەشە کردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵبکەین بۆ ئەوەی ئامانجەکانمان بەڕوونی بەدی بێنین چونکە ئەمرۆ سەردەمی پێک هێنانی دەوڵەتی ئاوێتەیە سیاسەتی پلۆرالیزم باشترین سیستەمی سیاسیە کە هەموو بیرو ڕا جیاوازەکان و بەرژەوەندیە جیاوازەکان لەچوارچێوەیکدا هاوسەنگ دەکات ، بۆیە ئەمڕۆ ئێمەی کورد نابێت بەدوای دروشمی بریقەدارو گەورو قەبە بکەوین کەبێ گومان ناتوانین بەم شێوەیە بەدەستیان بهێنین بەلکو دەبێت بگەڕێینەوە ژێر چەتری لۆژیک و هەست و سۆز فەرامۆش بکەین و سوود لەسیستەمی نوێ ی جیهان وەربگرین، کەلەسەر ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پێک هێنانی کۆمەڵگەی دەموکراتی و مەدەنی بنیات نراوە کەبێگومان هەڵکردن لەگەڵ ئەم رەوتە پێشکەوتن خوازە دەمان گەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتن و کەناری ئارام ، بەپێچەوانەوە فەرامۆش کردن و گوێ نەدان بەڕەوتی گەشەکردنی کۆمەلگای نێو دەوڵەتی و دژایەتی کردن و ناکۆک بون لەگەل سیستەمی نوێ ی جیهانی و سیاسەتی نێو دەولەتی دەمان باتەوە بۆخالی سفر. بۆیە دەبێت لەم قۆناغەدا سیاسەت و بەرنامەی ژیرانەی ئەو تۆ دابرێژین کەلەگەل واقعی ئەمرۆدا بگونجێت ، لەکۆتایدا هەر شەکاوە بێت ئالای بەرزی کوردستان و پتەو تر بێت یەکێتی ریزەکانی گەل و هاو هەلوێستی و هاو خەباتی پارت و لایەنە کوردستانیەکان و سەرکەوتو بێت کۆنگرەکەتان.دلنیاین کە ئێوەی تێکۆشەر بەو پەری دلسۆزی و هەست کردن بە لێ پرسراوێتی و گیانی لەخۆبوردوییەوە پالپشتی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و گومانی تێدا نیە رۆلی تایبەتی خۆتان دەبینن،وە ئەم رۆلەشتان بەبایەخەوە هەلدەسەنگێنین.

هەرسەرکەوتووبن..........

**مەڵبەندی سێی ڕێکخستنی هەولێر**

2009-12-16

---

**برایی بەرێز ڕێکار ئەحمەد سکرتێری حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**برایانی بەرێز لەسەرکردایەتی حزبی ڕزگاریی کوردستان**

پاش سڵاو....

بەشادمانیەوە داوەتنامەکەتان پێمان گەیشت سەبارەت بەکۆنگرەی سێهەمین حزبە تێکۆشەرەکەتان حزبی رزگاری کوردستان .. بەم بۆنەیەوە ئێمە وەک لیژنەی سیاسی حزبی یەکێتی کورد لە سوریا شادمانین کە بۆئەندامانی کۆنگرەو سەرجەم ئەندامەکانتان پیرۆزبای گەرم بنێرین.. هیوادارین کۆنگرەکەتان ببێتە مایەی یەکێتی حزبەکەتان و ئایندەی تێکۆشانی تا ببێتە هێزێکی کاریگەرتر لەپێناوی دیموکراسی و گەشە پێدان و پاراستنی مافی مرۆڤ وگرانەوەی ناوچەدابراوەکان.

ئێمە وەک پارتی یەکێتی کورد کاربۆسەندنی مافەکانی گەلەکەمان دەکەین لەرێگای دانان بە ناسنامەی نەتەوەیمان وئازادی زمان و رۆشنبیری کوردو چارەسەری دیموکراسی بۆکێشەی کورد لە سوریاو لەم رێگەیەشەوەکورد بتوانێ ناوچەکەی خۆی لەڕوی ئەتەنۆمی و یاسادانانەوە بەرێوەبەرێ و بەشداریش لەدەسەڵاتی ناوەندیدا بکات بەپێی رێژەی دانیشتوانی سوریا.

برایان جارێکی تر سلاو بۆکۆنگرەکەتان هیوای سەرکەوتنتان بۆدەخوازین .

**لیژنەی سیاسی**

**پارتی یەکێتی کورد لەسوریا**

2009-12-15